# سەرپێچییە نادەستوورییەکانی بەغدا دژی هەرێمی کوردستان

## د. بێریوان خەیلانی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان:

## ئەم بڕیارە ستەمکارانەی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان مانای وایە کە بەغدا خۆی هانی کورد دەدات بۆ سەربەخۆیی

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، بەغدا بەرپرسە لە دەرئەنجامی بڕیارەکانیان کە پێچەوانەی دەستوور و مرۆڤایەتییە، بەدڵنیاییەوە ئەم هەڵسوکەوتە بێ ئاگایانەو کاردانەوە بێبایەخانە گەواهیدەری هاتنەدی سەرکەوتنی سەرۆک بارزانیین لە داهاتووی عێراق و ناوچەکەدا و هەروەها پێدانی وانەیەکیشە بۆ بەرپرسیارێتی و ڕەتکردنەوەی تاوان و دیکتاتۆریەت و کودەتاکردن لەسەر شەراکەت.

د. بێریوان خەیلانی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە کۆپییەکی بۆ خەبات نێردراوە دەڵێت: ئێمە ئەمڕۆ پێویستە هەنگاوی دبلۆماسیەت بنێین و بەردەوامبوونی حکومەتی عێراق لەسەر ئەم بڕیارە ستەمکارانەی کە ڕۆژانە دەریدەکات بەرامبەر هەرێمی کوردستان مانای وایە کە بەغدا خۆی هانی کورد دەدات بەئاراستەی جیابوونەوە، چونکە ئەم بڕیارانە واتا دانیشتن و دیالۆک ڕەتدەکاتەوە بۆ گفتووگۆ کردن لەسەر داواکارییەکانی کورد بەشێوەیەکی لۆجیکی. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "ئەگەر ئێمە سەیر بکەین پلانەکانی حکومەتی عێراقی مەترسی گەورەن لەسەر



بەرژەوەندی گەلی کورد، بۆیە پێویستە پەیوەندییەکانمان بەردەوام بێت لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکان و لایەنی سەدرییەکان کە سەنگاییەکیان هەیە لەسەر شەقامی عێراقی. بۆیە خاڵی جومگەیی و گرنگ بریتییە لە جەختکردن لەسەر بڕیارەکانی مەرجەعیەتی ئاینی و ڕاگەیاندنی بە حکومەتی عێراقی بۆ پێدانی مافی گەلی کورد کە لە دەستووردا بڕیاری لەسەر دراوە". دەشڵێت: دەتوانیین جەخت بکەین لەسەر مەرجەعیەت بەپێکهێنانی حەشدی شەعبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش و دوورخستنەوەیان نەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تر لە گەلانی عێراق، یان جێبەجێکردنی ئامانجی سیاسیان کە بێگومان ماڵوێرانی و خوێن ڕشتنی ڕۆڵەکانی گەلی لێدەکەوێتەوەو وڵات بەتەواوی بەرەو ماڵوێرانی دەبات، بۆیە بەمەبەستی ڕوونەدانی گرژی و هەڵچوون پێویستە ئێمە ئەم لایەنانە ئاگادار بکەینەوە لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی حکومەتی عێراق و بڕیارە نابەجێییەکانیان:

- نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێز
- مەرجەعیەتی ئاینی لە نەجەف
- هاوبەشە سیاسییەکانمان لە عێراق "سەدر، عەرەبی سوننە لە پیاوماقوڵانی نوجەیفی و جبوری هەروەها خودی عەلاوی" کە تا رادەیەک کاریگەری هەیەو لەوانەیە بتوانێت هەموو لایەنەکان بگەیەنێتە چارەسەرێکی گونجاوو قبوڵکراو.



# پرسەو سەرەخۆشی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بۆکۆچی دوایی کەریم زەند**

**بەڕێزان خانەوادەی کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان کەریم زەند**

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و مێژوونووسی ناوداری گەلەکەمان "کەریم زەند" مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تێکڕای کەسوکاری خوالێخۆشبوو و ڕۆشنبیران و تەواوی گەلەکەمان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و ئومێدەوارین خوای گەورە سەبروئارامی ودڵنەوایی بە ئێوەو هەموو لایەک ببەخشێ.

مامۆستا "کەریم زەند" جگە لەوەی نووسەرو مێژوونووس و جوگرافیناسێکی دیار بوو، یەکەمین کەسیش بووە وەک مامۆستاو نیشتیمانپەروەرێک بەشداری لە کۆماری مەهاباددا کردووە، لەگەڵ بارزانیی نەمر دوای ڕووخانی کۆمار ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەت کردووە.

مامۆستا "کەریم زەند" تێکۆشەرێکی دیار و دێرینی نەتەوەکەمان بوو بۆیە بەرامبەر ئەو خەبات و بەخششەی میدالیای بارزانیی نەمری پێ بەخشراوە، هەروەها یەکێک بوو لەو کەسایەتیە خۆبەختکارانەی خزمەتێکی زۆری بە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری نەتەوەیمان کردووەو لەو ڕووەوەش جێپەنجەی ڕوون و دیارە، خاوەنی 30- 40 کتێب و چەندین بەرهەم و تۆژینەوەی جۆراوجۆرە لە ڕووی جوگرافیاو مێژوودا، بۆیە هەوڵ و کۆشش و ماندوبوونی مایەی شانازی و ڕێز و پێزانینە و لەدەستدانیشی زیانێکی گەورەیە.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە ئێوەوبنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین و داواکارین لە خوای گەورە گیانی کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

**انا لله وانا اليه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**2017/10/10**

## عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەرکرد

## هەندرێن محەمەد ساڵح: بڕیارەکە سیاسییەو هاوشێوەی بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورەی سەردەمی بەعسەو لای ئێمە گرنگ نییە

دوێنێ سێشەممە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە لە شاری بەغدا، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی دەرکرد، بەهۆی ئەوەی کە سەرپەرشتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووەو دەڵێن "سەرپێچی بڕیاری دادگای فیدراڵیان کردووە".

لەمبارەیەوە دادوەر عەبدولستار بەیرەقدار، گوتەبێژ بەناوی ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا ڕایگەیاند: دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی سەرپەرشتیاری ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەرکردووە. لەبارەی



بڕیارەکەی دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافەی شاری بەغدا، بۆ دەستگیرکردنی سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی هەرێمی کوردستان، هەندرێن محەمەد ساڵح، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: ئەو بڕیارەی لە لایەن دادگایەکی عێراقییەوە دژی سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەرکراوە، بڕیارێکی سیاسییە و هاوشێوەی بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورەی سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەو لای ئێمە گرنگ نییە.

# سەعادەت کەرەبولوت کچە پەرلەمانتاری هۆڵەندی داوای پاڵپشتی لە حکوومەتی هۆڵەندا دەکات بۆ سەربەخۆیی کوردستان



**ساسان دەرویش/ هۆڵەندا**

هەمیشە کوڕ و کچانی کورد لە هەوڵی ئەوەدابوون لە نێو دامودەزگاکانی ئەورووپادا ڕۆڵی گرنگ ببینن لە ڕێگای بوون بە ئەندام لە پارتەکان و خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکان، بەمەش توانراوە دەنگ و ڕەنگی کورد دیاربێت، ئەوەتا سەعادەت کەرەبولوت کچە پەرلەمانتاری هۆڵەندی لە پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندی ئیس پەی و بەرەگەز کوردی باکووری کوردستان لە نێو هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا، داوای پاڵپشتی لە حکومەتی هۆڵەندی کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان و لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم و دەنگی خەڵکی کوردستان بۆ ئاشتی و ئارامی ناوچەکەو میللەتانی دەوروبەر و ئەو مافەشی گەڕاندەوە تەنها بۆ گەلی کورد خۆی و گوتی: کەس ناتوانێ ئەو مافە زەوت بکات و لەبری گەلی ئێمە بڕیار بدات.

ناوبراو جگە لەوەی کە خاوەنی پلەیەکی بەرزی خوێندنە لە زانکۆکانی هۆڵەندا خولیابوون بەسیاسەت و خزمەت کردن بەپرسی نەتەوەکەشی هانی ئەدات کە لەدوای شەونخوونێکی زۆر لە ساڵی لە 2005وە بۆتە ئەندام و کاندید و هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە شاری ئەمستردام و دواتر بە پەرلەمانتار هەڵبژێردراوەو درێژەی بەکار و خەباتی خۆی داوە و بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی پارتەکەشی دۆست و نزیکی دۆزی گەلی کوردبوون و لەپەرلەمانتارو سیاسی و ڕۆشنبیرانی و خاونی بیرۆکەی دامەزراندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەن لە هۆڵەندا، ئەو پەرلەمانتارە لەدرێژەی گوتەکانیشیدا گوتی: لەگەڵ ئەو هەموو گوشارە زۆرەی کە لەلایەن تورک و ئێران و ئەمەریکا کرایە سەر سەرۆک بارزانی بۆ ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی ئایندەی کورد لە هەرێمی کوردستان زۆر قسەوباسی لێکەوتەوە بۆ نەبوونی کات و نەگونجانی لە ئێستادا بۆ ڕیفراندۆم، بەڵام دوابڕیار هەر بۆ کورد خۆیەتی بڕیار لە ئایندەی خۆی بدات نەک ئەمریکاو تورکیا، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر گەلی کورد لەسەرسندوقی دەنگدان دەنگیان بەئایندەی خۆیان دا، گەلی کورد لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر قوربانی داوە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری نەک بەدروستکردنی کێشە، ئەو کێشەیەش چارەسەربکرێ هەمووان بەئارامی و ئاسایش پێکەوە دەژین.

# شاخەوان عەبدوڵڵا: سوپای فیدراڵی ناتوانێ بچێتە ناو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، لێدوانی بەرپرسانی بەغدا بە مەبەستی ڕەوانەکردنی سوپای فیدراڵی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پەرەی سەندووە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی کە ساڵی 2016 ئیمزا کراوە، ئەو هێزانە ناتوانن لەو ناوچانە نزیک ببنەوە. ڕۆژی سێشەممە، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی وەزیراندا، داوای لە هێزی پێشمەرگە کرد لە کاتی چوونی سوپای فیدراڵی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەتایبەت شاری کەرکووک، خۆ لە پێکدادان بپارێزن. ئەو قسانەی حەیدەر عەبادی دوای دەرکەوتنی ئەنجامە فەرمییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هات. ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشتر ئەیاد عەللاوی جێگری سەرۆککۆماری عێراق ڕایگەیاندبوو، چوونی سوپای عێراق بۆ کەرکووک "شەڕی خوێناوی" لێ دەکەوێتەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی بەغدا، ئاشکرای دەکات کە بەپێی ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی، سوپای فیدراڵی ناتوانێ بچێتە ناو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ئەو پەرلەمانتارە بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: لە مانگی ئەیلوولی ساڵی2016 ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی لە نێوان ئەمەریکا، عێراق و کوردستاندا ئیمزا کراو، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هیچ هێزێکی فیدراڵی ناتوانێ بێتە ناو ئەو سنوورانەی کە لە ڕۆژی ڕێککەوتنەکەدا دیاری کراون، مەگەر بە هەماهەنگی و ئاگاداریی هێزی پێشمەرگە نەبێت. ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ساڵی 2014 توانی دەست بەسەر نزیکەی یەک لە سێی خاکی عێراقدا بگرێت و، دواتر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژ بە داعش بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، توانییان لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵدا بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە ئازاد بکەن.



پێشمەرگە لە میانەی ئەو شەڕەدا، نزیکەی هەزار و800 شەهید و 10 هەزار برینداری دا و دوای ئەوە (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا جەختی کردەوە کە "ئیتر سنوورەکان بە خوێن دەکێشرێنەوە". ئێستا تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە دەیانپارێزێت. بڕیار بوو چارەنووسی ئەو ناوچانە بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و لە سێ قۆناغی ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ریفراندۆم، یەکلا بکرێتەوە. پێویست بوو ئەو مادده دەستوورییە تا کۆتایی ساڵی 2007 جێبەجێ کرابوایە، بەڵام ئەمە تا ئێستا ڕووی نەداوە و بووەتە یەک لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر. ڕۆژ نووری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە واتای جێبەجێکردنی قۆناغی سێی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراقە. بە شێوەیەکی گشتیی ئەو ریفراندۆمە و ئەنجامەکانی لەلایەن حکوومەتی بەغداوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەسەری سوورە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوە "بڕیاری گەلە" و پشتگوێ ناخرێت. ئێستا شەقامی عێراقی و کوردستانی لەوە نیگەرانن کە گرژییەکانی نێوان حکوومەتەکانی بەغدا و هەولێر، شەڕی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، نابێ شەڕی سەربازی لێ بکەوێتەوە، وێڕای ئەوەی سەردەمەکان زۆر جیاوازترن، بەڵام ئەوان چاک دەزانن گەلی کوردستان بە دەست سوپای ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراقەوە، دووچاری ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی بووەتەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا لەوبارەیەوە دەڵێ: بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ناتواندرێ هێزی فیدراڵی بەرانبەر بە کوردستان و ناوچەکانی دیکە بەکار بهێندرێت، چونکە تا ئێستا ئێمە بەشێکین لە عێراق و ریفراندۆمیش مافێکی دەستوورییە. تەنیا ئەگەری مەترسی بۆ ملیشیاکانی دەرەوەی سوپای عێراق دەگەڕێتەوە و ئەگەریش ئەوان ببنە مەترسی بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، ئەوا لەلایەن هاوپەیمانانەوە پشتگیری لە پێشمەرگە دەکرێت نەک لەو ملیشیایانە. بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سستەمی بەرگریی وڵات، بەڵام چەندین ساڵە بوودجەی ئەو هێزە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە دابین ناکرێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە حەشدی شەعبی لە ماوەی دوو سەعاتدا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە یاسای بۆ دەرکرا و خرایە ناو سوپای عێراقەوە.